جیهانی چیرۆک

**ئەحمەد قادر سەعید**

**تشرینی دووەمی - 1983**
**قەلادزێ**

---

**...و برای شاعیر : غەریب پشدەری**

# نوقمێ .. هەر لەگشام

\- ١ -

تـۆ دەریای خـەیـالی ، منی دەستو پێبـەستـە پـەل ـمکوتم ، ئاخۆ هەناسەم ، لەکوێدا هەوای گەیشتنە مەبەست هەلدەکێشێ ... تۆ سروەبای شـەمالی بـەرووی کز و پێـوەند ـەیێ ی سەرهەلدانی کەسایەتیم هەلت کردووە . لەگەل یەکەم هەناسەی دا جزیلکی گڕێکی مەزنی لە هەناومدا داگیرساند . ێستا دەسووتێم ، ووردە ووردە دەبم بە کۆلوو جارێکی دیکەش ینـدوو دەبـمـەوە ، گـەشـە دەکـەمو مـەشـخـەلم دڕ ـخاقی کردنەوەی تـالی سەردەمی هـەرزەکاریم دەدات . تـۆ ـهێنی خەمی هەمیشەییمیو هەموو ساتێ لەگەلدایو گەورە ـەبی .. ئارەزوو دەکەی سەرەتای گڕاوی لەیاد نەچووبی ، تا ـەهۆی ڕازی زیندووت پەردەی فەرامۆشی بەسەر ڕابردوو دا ـدەمو جـارێکی دی یـەکـەم گـەردیلەی ژیـانی ئـەوینیم ـەرهەلداتەوە . بەر لەوەی گـەردی دەقە نـووشتاوو خـۆل ـەسـەرکەوتـووەکان هـەلدەمەوە ، دەلێم ... سـەرنجەکـانم بـەدوای خۆشـەویستیتدا وێـلبـوونو ئـەنجـام لە تـرۆپکی خواستدا ، لەگەل جلیوەی نازی حەزتدا بەیەك گەیشتن ، بۆیە ووشـەی پیرۆزی سـەرکەوتنم بـە گوێت دا دا ، تـۆش وەك فریشتەیەکی ئاسمانی بزەی بەرووتدا بەشیبێتەوە ، بەدەنگ کاروانی دلەوە هاتی ، بارگەت بۆئامادەکرد ، بەوشێوەیە تادوا مەنزل پشوو نەدەیو هەربێی و نەترسی ، وانەی پیـرۆزی ئـەوین فێربی ، بـۆیە بـەتاسـەوە دەمت نـا بـەگـوێمـەوە ، گوتت : « خۆشمدەوێی » . ئەرێ بۆ نەمردم یا بۆ نەفڕیم .. چونکە دەتزانی من دەمێکە شەیدای بیستنی ئەو ووشەیەم . کە لەلام وەك سرووش وابوو ... ئەوەت لەیادە کەچەند دەمێکە ـەدەریای خەیالی چاوی گەلاوێژتدا کەوتوومەتە مەلە ، ئەگەر ئەو بزەنیگایەی دووری چاوم نەبوایە ، هەلبەتا ، تاکە بنجی خۆ قـوتارکـردنم بەدەستـەوە دەهـات و دلی مـانـدووم لەلێـدان دەکەوت ، بۆیە هەرزوو وەلامی ڕەزامەندیم ، کردە ملوانکەی گەردنی پەمەییت . چاوی بێ ئاگاییم نایە سەریەك ، بێ ئاگایی من تۆی لەجیهانی ئاسایی هێنـایە دەرێو پـەردەی بەخـۆدا هـاتنـەوەی بـەبـەردا کـردی ، کـەوتیـە گێـژەنی یـادێکی ڕابردووەوە :

« لێم ببـورە ، ئـەو جیهـانـەی تێـدا بـەسـەر دەبـەم ، شەوەزەنگە ، خۆری خۆشی تێدا هەلنایە ، هەمووکاتم تاریکە ساتە ، وەهاش دەڕوات ...دەزانی گەشتی سەرگوزەشتـەی من ئەوەندە ئالۆزە ، بەئەستەم جەمسەری دەبینرێتەوە ، دەبا برۆم مال ئاوایی دواجارت لێبکەم ..

سـەرەداوی بیرت بـەبزەیـەکی نەخشێنـراو پسانـد ، پێتوابوو ئێستا ئەوکاتە نییە ، نەچاو وەك جـاران دەبینێو نەجەستەو مێشکیش بەهەمان یاسا لەڕەوتی سەردەمدا ڕەفتار دەکەن . ئەوجا بەئەسپایی گوتت : « باوەڕم پێبکە من هەر هەمان ئەو کچۆلەم ، کە چەندین سالە گڕی ئەو هەستە ، لە لەشمدا کلپە دەکات و بەردەوام دەمسووتێنێ ، بۆیە دەمەوێ پەیمانی هەتا هەتایت بدەمێ . دەوەرە تۆش لە فەرهەنگی دلی منـدا بارگـەی غەریبیت بخـە ، با بـۆ تاوێکیش بێ شـەمالی کوێستانی ڕووت بدا لە زەندۆلی ووشك هەلاتووی لێوی تینووم ، دەبا سەرچاوەی بەئەمەکی فێنکت تاوێك ئاسوودەیم بداتێ . من کیژە جوانەکەی بەرنادشـۆمو وەك ئەویش ڕەفتـار بکەی دەواری خـۆشـەویستیم لەمـێـرگی بـیـرتـدا هـەلداوە و هەلیناوەشێنمـەوە ، تۆ کـانی هەلقـولاوی ئەشکی شـەوانی تەنیاییمی ، بەساتێ دووریت گێژاوی هەرەس هێنانی دەروون چوارمیخم دەکێشێت وگیانم دەکاتە پووشی دەم ڕەشەبا .. ئای کەزەنوێری دلە گەورەکەت چرە و منی بێپا پەی پێ نابەم ، ڕێی لێ سەرەو دەرناکەم .. هەستت شارێی ئومێدی ڕووناکە بۆیە منی شاگەشکە بردوو باوەشم بۆ کردۆتەوە .

\- ٢ -

بەتەنیا شەقامەکەت بەکـۆلدا داوە ، بۆکـوێ وا وورد

وورد هەنگاوەکانت سینەی ڕێیەکە دەشێلن ، بۆ نازانی ئەو هەنگاوانەت ، تۆڕە و منی سەرگەردان بەند دەکات ، سەرەداوی تۆڕی بەندیی کراوم وەك دەسرازەی مندال ، لە ناو لانکەی ڕۆژگاری ڕابردوو شەتەکی دام . کەدێمەوە سەر خوانی ڕاگوێزراوی بەردەمم ، لەخۆم دەپرسم ، ئاخۆدەستی قەدەر هەوێنی ڕەنج بەبا چوونم بوو ، بۆیە دەفتەری یادگارەکان بوونە خۆراك و لرفەی ئاگر ، هەر هەمان ئاگر پێخەڤ دلنیایی دڕی و گولی بەهاری ئالی بستووی ئومێدی پرواند و دەشتی بەراوی خۆزگەی کردە ساکەبەیار و هەتا نەرمە بارانی سەرسنگی ئاسۆ لە گۆنای بێژانی کوێستانی دلم تۆراند ، بۆیە بڕیارمدا تابلۆی تاوانێك بنەخشێنم و لەبەردەمم دادگای دادی تۆدا سەرکز وەستابێ و چاوەڕوانی فرمانی لەسێدارەدانی بێ ... ئەدی چارەنووس کردی و لەبردووی مندا شایی گۆشادیان سازدا . ئێستا سەری کاسم هەنگاوی بەرەو ڕوومت دەژمێرێ ... تاجارێکی دی پەردەی نهێنی دەستەوەستانم نەدڕێ ، ئەدی ئەو هەموو لەخۆ بردنانەت شایەنی ئەوە نی یە سەرمەشقی ئەوینێکی ئالبێ ؟ بەکردەوە سەلماندت کە شایەنی ئەوەی ودەروەستی سەگی هاری لێك دابڕان هاتی .. لە چاوی چاوچنۆکەکان سلت نەکردەوە . مۆری بێ ئابڕوویت نا بە ناوچەوانیانەوە . ئێستاش ئەو ڕۆژەم لەیادە وەك کیژێکی ئازا پلانی دەستەوکەریت داناوبەوشێوەیە وەدەنگ هاتی :

« دەتانەوێ تانەی ڕەشی دامێنتان بەئێمە بسڕن . دەبێ بزانن ئێمە لەگەل هەستی خەسیوتاندا یەك ناگرینەوە . ئێوە ئادەمیزادی تواوەن . باوەڕ لە فەرهەنگتاندا باری کردووە . لە ڕوانگەی ڕووی دزێوتان بۆمەبەست دەڕوانن ، دەتانەوێ وەك کە ڕستە بمانگۆڕنەوە ، یان دەستی پیسی لەرزۆکتان دەیەوێ چرنووکی بێشەرمی بگرێ .. نا .. ئێمە لەوانە بالا ترین ! بۆیە من لەبری هەموو ئەوانەی وەك منن ، ئابڕوتان نغرۆدەکەم ، لە دامێنی شەرما لاکی مردارەوە بووتان دەخەمە ناو بیری لەیاد چوونەوە ، مێژووی ناڕەسەنیتان تۆمار دەکەم .. چاك دەزانم کە هەوەس کردنیە سەماکەری سەر شانۆی ڕەوشتی دۆڕاو وەك قەل دەقرێنن .. بەلام دلنیابن لە پلانی بەدیل گرتنی ئێمە ماناندا دۆڕاون .. » ئەدی هەر بۆیە هانام بۆ هێنای و پێم گوتی :

دەوەرە لام ، تانیگای کزو وێلم بەدەوری بالاتدا بگەڕێت ، سۆزی دێرینم بێتەوە سوێ ، ئاهێکم پێدا بێتەوە . دەزانی ئەوکاتەی لەبەردەمم شۆڕەبی قەراغ ڕووباری کەف چەرێنی بالاتدا هاتمە گۆ ، گفتی خۆشەویستی ڕاستت پێدام ، ئازایانە کەوتمە دەست سنووری تەپەی دلو دەستەوەستانی خەیالم لەبەردەمم تەخت بوون ، ئاسوودەییم بەشەمالی ڕووت پێکەنی ... ئەدی پێم نەگوتی :

« ڕەنگە نەزانی ، یان یادت لەگەل شتی دیکەدا پەرت بووبێ . شەرم نەتگرێ .. دەهەستە چەپکە نێرگزی شیعرمت بۆدەکەمە ملوانکەی مرواری وگەردنی کێلتی پێدەرازێنمەوە ، تۆ شایەنی نازی ، لەهەلۆرکەی حەزەکانمدا ڕیزی . ئەوا هاوینە ، هاوینیش دەردێکی لە من بەئازارە و زۆر لەمێژساله ئەوەندە شەیدای سەرما و سۆلە و سەقەتی زستان نەبووم ...

- ٣ -

- ئێستا لەکوێی ؟ .. لەگەلدای ! .. دووری یا نزیکی .. ؟!
- بۆ هەر ئەو قسەیە دووبارە دەکەیەوە !.. تۆ لەکوێی ، من لەوێم ... وەك دار بەڕوو بەخاکی ئارەزووتدا شۆڕ بوومەتەوە ، لەناخیدا جێگیر بووم .. بەخوێنی دەمارەکانی لەشت ئاو دەدرێم ، بەلام تۆ نزیك دەڕوانی ... سەیر دێیە دەست !.
- ئەوە مەلێ ... من و تەنیایی و شەو لەکۆڕی زیکری تۆدا خەتمی لیقای پاکت دەکەین .. کەچی دوو دلم ئەستێرەی ئەوینم لە ئاسمانی بەرینتدا بخزێ .
- دوودل مەبە ، ناخزێ ، ئەوەیان لەدەست خۆمدایە ..

لەوقسانە دابووین ون بووی ، کە ئاوڕم دایەوە ، دەشتەکەت کردبووە باوەشو ، لە دامێنی چیادا بەرەو ڕەوەزەکان هەنگاوی خێرات دەهاویشت .. بەرەو ئاسۆ گەردنت هەلێنا بوو .. شەونمی ئەو بەیانی یە دوای بوونەوە بەهەلیان ، فێنکییان بەگۆنات دەبەخشی .. بەهەرچی هێزت هەبوو تەکانت دەدا خۆت ، بەدواتدا هاتم هەنگاو ، هەنگاو نزیك بوومەوە ، نزیکتر ، تابوومە پەپوولەی دەوری چرای ڕۆشنت .. دەستەملانێی بووم ، بەتاسەوە بەرەوپیری ئەو خۆسووتانە مەزنە هاتم ، بۆیە لەهەموو قرچەیەکدا خۆشەویستی یەکی هێژا لە دایك دەبێو نەمری منیش تۆمار دەکات .

« 1 » نوقل : ئەو ئافرەتە بەهرەمەندەیە کە « غەریب » ی لە قەپێلکی خۆ خواردنەوە ، هێنایە دەرێ .